iusy

International Union of Socialist Youth

Unión Internacional de Juventudes Socialistas

Union Internationale des Jeunesses Socialistes

## بەرزو پیرۆز بێت بە ئەندامبوونی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە سوئێد

**هاونیشتمانانی بەرێز!**

**لاوانی خۆشەویست!**

**ئەندامان، لایەنگران، دۆستان!**

بە شانازییەوە پێتان رادەگەیەنین کە رێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رەوتی کار و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیدا و لە چوارچێوەی بەرنامەی تێکۆشانیدا کە هەوڵی چڕوپڕ دەدات بۆ ئەوەی دەنگی خەباتی ئازادیخوازانەی میللەتی کورد بگەیەنێتە کۆڕو کۆمەڵە جیهانی و نێودەوڵەتی‌یەکان و سەرنجی ناوەندەکانی بڕیاردەر و شوێندانەر لە سەر کێشە و بابەتە سیاسی، کولتوری، ئابوری، کۆمەڵایەتی... هتد، بۆ لای کێشەی سیاسی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان راکێشێت و پشتیوانی ماددی و مەعنەوی ئەم ناوەندە بڕیاردەرانە بۆ لای پرسی سیاسی خەڵکی کورد بە دەست بهێنێت. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا و بە پێی بەرنامە و پڕۆژەی دروست و ئەمڕۆیی، لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد بە رەسمی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوئێد مافی ئەندامەتی تەواوی بە دەست هێنا.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوئێد، رێکخراوێکی ناسراو و بەهێزە کە ١٣٠ رێکخراوی دێموکراتیك و ئازادیخوازی لە ژێر چەتری خۆیدا کۆکردۆتەوە، کە ئەم رێکخراوانە لە ١١٤ بەشی جۆراوجۆرداو، لە ٢٣ شوێنی وڵاتی سوئێد تێکۆشانیان هەیە و سەرجەم نزیك بە ٧٠٠٠هەزار کەس لەم بەشانەدا کار دەکەن و هەموان پێکەوە لە پێناو هێنانە ئارای ئاشتی و دادپەروەری لە دونیادا خەبات دەکەن.

یەکێك لە تایبەتمەنی‌یە بەرچاوەکانی رێکخراوی یوئێن لە سوئێد ئەوەیە کە ئەم رێکخراوە سەدان کەسایەتی سیاسی، هونەری، وەرزشی... هتد، ناسراوی لە خۆی کۆ کردۆتەوە کە هەموان پێکەو بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزە ئینسانی‌یەکان تێدەکۆشن.

**لاوانی خۆشەویست!**

لە کاتێدا ئێوە لە لوتکەی چیا سەرکەشەکانی ئاگری یادو بیرەوەری شەستەمینساڵوەگەری کۆماری کوردستان بڵێسەدار دەکەن و لە کۆڵان و شەقامەکان و شوێنە گشتی‌یەکان دا ئەم یادە مەزن و نەتەوەیی و مێژوویی‌یە جێژن دەگرن و بەم کارە شۆڕشگێرانەتان پێوەندی قووڵی خۆتان لە گەڵ بزوتنەوەی کوردایەتی پێشکەتنخوازانە و دێموکراتیکی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەدیهێنەر و خوڵقێنەری کۆماری کوردستان، دوپات دەکەنەوە، ئێمەش لێرە بە هەوڵدان و تێکۆشان بۆ هەرچی پتر ناساندنی ئەم خەباتەو هاوکات بۆ لە قاودانی هەرچی زیاتری ئەو زوڵم و زۆری‌یە کە بە ناحەق بە سەر کۆمەڵگای کوردستان دا سەپاوە، تێدەکۆشین و بەم چەشنە خەباتەکەمان لێك هەڵدەپێکین و هەمووان بۆ پێشەوە هەنگاو دەهاوێژین و بەم خەباتە هاوبەشەمان خەونی رەنگاوڕەنگی دوژمنانی لاوانی کورد بۆ لێکدابڕانی ئێمە دەکەینە بڵقی سەر ئاو و هەموان و لەوێ خەباتێکی یەکگرتووی بەهێز و شارستانی و جیهان پەسەند بۆ پێشەوە هیدایەت دەکەین.

**لاوانی خۆشەویست!**

ئەم دەسکەوتە نوێیە هەل و دەرفەتێکی گەورە لە بەردەم لاوانی بێ وڵاتی کورددا دەکاتەوە تاکوو بە ناسین و هاوخەباتی لە گەڵ سەدان کەسایەتی سیاسی و هونەری و ئابووری ناسراوی کۆمەڵگای سوئێد و دەیان رێکخراوی جیددی هەڵسووڕ لە کۆمەڵگای سوئێددا، لە لایەك خەباتی دێموکراتیکی خۆمان تێکەڵاو بە خەباتی ئەم ناوەندە گەورە بکەین و لە پاڵ ئەوەشدا سەرنجی ئەمان بۆ لای خەباتی فرەرەهەندی خۆمان رابکێشین و لە کەرستە و ئیمکاناتی ئەم ناوەندە گەورە بەهێزە بە قازانجی خەباتە رەواکەمان کەڵك وەرگرین.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد وێڕای پیرۆز کردن و بەرز نرخاندنی ئەم دەسکەوتە گەورە، هاوکات سوپاسی بێ پایانی خۆی پێشکەش بە رێبەرایەتی ناوەندی یەکیەتی کوردان دەکات کە لە خوڵقاندنی ئەم شانازی‌یە گەورەیە بۆ لاوانی کورد دەورو رۆڵێکی زۆر دڵسۆزانەیان گێڕا و ئێمە سوپاسیان لێدەکەین و هیواخوازین کە پێوەندی دێموکراتیك و هاوخەباتی کوردانەمان هەروا بەهێز و لە پێشکەوتن دا بێت.

سڵاو لە خەباتی چڕوپڕی لاوانی کورد!

سەرکەوێ پرۆسەی ئاشتی لە جیهان دا!

نەمان بۆ نابەرانبەری و سەرەڕۆیی!

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد**

**٢ی رێبەندانی ٢٧٠٥ی کوردی**

**بەرانبەر بە ٢٠٠٦/١/٢٢ی زایینی**

IUSY
International Union of Socialist Youth
Unión Internacional de Juventudes Socialistas
Union Internationale des Jeunesses Socialistes

# پیرۆز بێت بە ئەندام بوونی یەکیەتی لاوانی دێموکرات لە یەکیەتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست دا

لاوانی خۆشەویستی کوردستان!

کچان و کوڕانی خەباتگێڕ!

دۆستان، لایەنگران، ئەندامانی تێکۆشەر!

بە خۆشحاڵییەوە رادەگەیەنیین کە رێکەوتی ٢٠٠٦/١/١٢ تاکوو ٢٠٠٦/١/١٥ی زایینی ٢٦ەمین کۆنگرەی یەکیەتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست بە بەشداری ١٤٥ رێکخراو کە لە ١٠٦ وڵاتی دونیاوە بەشداری کۆنگرە بوون لە وڵاتی دانمارك بەڕێوە چوو.

یەکیەتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست وەکوو گەورەترین و بەربڵاوترین رێکخراوی تایبەت بە لاوانی جیهان، لە ئاستی دونیادا خاوەنی قورسایی و نرخی تایبەت بە خۆیەتی. بۆ لاوانی خەباتگێڕ و تێکۆشەری کورد کە ساڵانێکی زۆرە لە پێناوی ئاشتی، ئازادی و بەختیاری گەلی چەوساوەی کورددا تێدەکۆشن و خەباتێکی پێشکەوتووانەی دێموکراتیکی جیهان پەسەند بەڕێوە دەبەن، هەل و دەرفەتێکی پڕ بایەخە کە دەروازەیەکی گرینگیان بە ڕوودا دەکاتەوە تاکوو لە لایەك ستەمی فرەچەشنی زاڵ بە سەر کوردستان دا باشتر لە قاو بدەن و هاوکات خەباتی خۆیان ئاوێتە بە خەباتی دێموکراتیکی لاوانی وڵاتانی دونیا بکەن و بەم کارە هەوڵی وەدەستهێنانی پشتیوانی ڕەواو ئاشتیخوازانە بۆ گەلی کورد و بزوتنەوە ماف خوازانەکەی بدەن.

**هاونیشتمانانی تێکۆشەر!**

بە شانازییەوە پێتان رادەگەیەنین کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٦ەمین کۆنگرەی لاوانی سۆسیالیست دا بە رەسمی وەکوو ئەندامی چاوەدێری بنەماڵەی گەورەی لاوانی سۆسیالیست لە لایەن کۆنگرەوە وەرگیراو لە مە بەدواوە رێکخراوەکەمان بە رەسمی لە سەرجەم کۆڕو کۆبوونەوەکانی لاوانی سۆسیالیست دا بەشداری دەکات. شایانی باسە وەڤدی کوردی بریتی بوون لە لاوانی دێموکرات و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کە توانیان بە هاوکاری و بەرنامەی هاوبەش کۆنگرە رازی بکەن کە بۆ پشتیوانی لە داخوازی دێموکراتیکی کوردان لە پێناوی ئازادی و سەربەستی دا، مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ کوردەکان لە کوردستان لە بەرنامەو پێرەوی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست دا بگونجێندرێت و لاوانی سۆسیالیست بە کردەوەوە پشتیوانی لە ویست و داخوازی دێموکراتیکی کوردان بکەن. جێگای باسە کە هەر دوو رێکخراوی کوردی لاوان و خوێندکاران بوونە ئەندامی کۆمیتەی مەدیتەرانەی لاوانی سۆسیالیست کە چاوەدێری پرۆسەی ئاشتی جیهانی بە گشتی و کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی دەکات.

ئێمە ئەم سەرکەوتنە لە خۆمان و هەموو لاوانی کورد پیرۆز دەکەین و لە بەرەبەرەی یاد و بیرەوەری شەستەمین ساڵیادی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دا، کە رێکخراوەکەمان لە دایکبووی ئەو دەسەڵاتە رەسەنە دێموکراتیکەیە، وەکوو دیاری لە بەرۆکی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی کوردستان بە گشتی وشۆڕشگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەدەین. رێکخراوەکەمان وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەوڵ دەدات، وێڕای گەیاندنی دەنگی لاوانی کورد و ئەو ستەمەی کە لە هەموو بوارەکاندا پێیان رەوا دەبیندرێ، بگەێنێتە کۆڕو کۆمەڵی لاوانی سۆسیالیست و بەم کارە سیاسەت و پیلانی رەنگاوڕەنگی ناحەزان و بەدخوازانی دژ بە خەباتی رەواو دێموکراسیخوازانەی کوردان لە قاو بدا و، لە هەمان حاڵدا بە جیددی تێدەکۆشێت کە رێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتووکانی لاوانی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان و هەروەها رێکخراوەکانی لاوانی گەلانی بندەست و هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کەرد هەیە و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردان و گەلانی بندەست دەسەلمێنن، لێك نزیك بکاتەوە و بەم کارە بەرەی لاوانی دێموکراسیخواز بەهێزتر و کاراتر بکات.

بەرز و پیرۆز بێت بە ئەندامبوونی لاوانی دێموکرات لە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست دا

بژی خەباتی یەکگرتووی لاوانی دونیا!

سەرکەوێ خەباتی دێموکراتیکی لاوانی کورد!

**دەستەی نوێنەری گشتی لاوان لە دەرەوە**

**٢٠٠٦/١/١٧**

International Union of Socialist Youth
Unión Internacional de Juventudes Socialistas
Union Internationale des Jeunesses Socialistes

## پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکیەتیی لاوان

**بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

وێڕای سڵاو:

ئاگادار بووین کە لە ئاخر کۆبوونەوەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست کە لە ڕۆژەکانی ١٢/١٥ی ژانویە لە کۆپنهاگ پێتەختی دانمارك بەڕێوەچوو، یەکیەتییەکەتان بە ئەندامی چاوەدێر لەو یەکیەتییەدا وەرگیراوە.

بێگومان ئەو سەرکەوتنە ئاکامی کارو تێکۆشانی یەکیەتییەکەتان بووە لە بواری ڕێکخراوەیی دا و یارمەتیدەر دەبێ لە بواری شارەزایی لاوانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستی جیهان لە سەر کێشەو بێبەشییەکانی لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران.

ئێمە بەو دەسکەوتەی ڕێکخراوەکەتان دڵخۆشین و بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە ئێوەو لە ڕێگای ئێوارە پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ ڕێکخراوەکەتان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٤/١١/٥**

## بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وك ئەندامی چاوەدێر، لە لایەن ٢٦مین کۆنگرەی لاوانی سۆسیالیستەوە کە لە مانگی ژانویەی ٢٠٠٦ی زایینی لە وڵاتی دانمارك دا بەڕێوە چوو، هەڵبژێرا. هەر بەو بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی لاوانی هەمیشە زیندووی سەر سەحنەی خەبات لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دا دەکەین و سەرکەوتنیان بە ئاوات دەخوازین.

دیاریکردن و هەڵبژاردنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات کە رابردوویەکی درێژو پڕشنگداریان لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ کێشەی نەتەوایەتی و چارەسەر کردنی گرفتی لاوان لە کوردستانی ئێران دا هەیە، ئەم ڕێکخراوە تریبوون و کاناڵێکی گرینگە بۆ وەرد دانەوەو ئاشنا کردنی لاوانی جیهان بە مەسەلەی کورد و ئەو هەلومەرجە نامرۆڤانەیەی کە بۆ ژنان و لاوان لە کوردستانی ئێران دا پێك هاتووە. هەر بۆیە لە سەر ئەو باوەرەین لاوانی چالاکی دێموکرات ئەو هەلە پڕ بایەخە بە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دەقۆزنەوەو باشترین کەڵك لەو تریبوونە دێموکراتیکە وەردەگرن.

**بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفی و دێموکراتیکەکان**

**خدیجە معزور**

**٢٠٠٦/١/٢٥**

## پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شانازییەوە رادەگەیەنێ کە لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیت دا وەك ئەندامی چاوەدێر هەڵبژێراوە. بێ گومان حوزووری چالاکی دوو رێکخراوی کوردی لاوان لە رێکخراوی iusy دا بە پلانی هاوبەش دەتوانێ کێشە رەواکانی نەتەوەی کورد بە گشتی و کێشەی لاوانی کوردستان بەتایبەتی هەرچی زیاتر بۆ پشتیوانی کردنی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان لە دۆزی کورد رابکێشێ.

بەم بۆنەوە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەرمترین پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەکا و هیوادارە بە دارشتنی پلان و بەرنامەی هاوبەش بتوانین هەنگاوی جیددی و چارەنووس ساز بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانمان هەڵێنین.

پیرۆزبێ بە ئەندامبوونی کۆمەڵەی خوێندکاری کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە iusy دا.

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**25ی ژانویەی 2006ی زایینی**

**دەقی بڕیارنامەی ٢٦ هەمین کۆنگرەی یەکیەتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست لە مەڕ پشتیوانی لە خەباتی دێمۆکراتیکی کوردان.!**

ڕوداوەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵایی ناوەراست، بۆتە هۆی زیاتر تیشک خستنە سەر مەسەلەی کورد.

چەوسانەوەی کورد دووبارە لە ئاستی نێونەتەوەیدا، بایەخێکی زیاتری پێدەدریت. ئێمە یەکیەتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست، خۆشحاڵین کە بتوانین سەرنجی زیاتر بە دۆزی کورد بدەین. ئێمە پێدادەگریین کە دەبێ رێز لە مافەکانی مرۆڤ و لە مافی دیاری کردنی چارەنوس بۆ هەر گەلێک بگیردرێت. ئەم رێز گرتنە دەبێت کوردەکانیش بگرێتەوە.

یەکیەتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست پێ دادەگرێ لە سەر پشتیوانی خۆی بۆ مافی دێموکراتی، مافی مرۆڤ و مافی دیاری کردنی چارەنوس گەلی کورد، هاوکات بەهاوکاری لەگەڵ دۆستانمان و رێکخراوەکانی ئەندام لە یەکیەتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست، هەوڵی گەشە سەندنی رۆژهەڵاتی ناوین دەدەیین.

بە مەبەستی پشتیوانی پتر لە مافەکانی گەلی کورد، هەوڵی پێک هێنانی کەشووهەوایێکی باشتر دەدەیین بۆ هێنانە ئارای دیالۆگ لە نێوان لایەنە پێوەندیدارەکان بە مەسەلەی کورد، بۆ هەرچی زیاتر بەهێز کردنی بارودۆخی ئاشتی و دێمۆکراتیک.

دەستەی نوێنەری گشتی لاوان لە دەرەوە.
کۆمیسیۆنی پێوەندیـیە نێونەتەوەیەکان

International Union of Socialist Youth
Unión Internacional de Juventudes Socialistas
Union Internationale des Jeunesses Socialistes



## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ وەرگیرانی یەکیەتی لاوان لە IUSY

هەڤپەیڤین: ئاوارە جەلالی

**پ: بەڕێز کاك مستەفا هەر وەك ئاگادارن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٦ مین کۆنگرەی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست کە لە ١٢ تا ١٥ی ژانویەی ئەو ساڵ بەڕێوە چوو، وەك ئەندامی چاوەدێری ئەم رێکخراوە جیهانیە هەڵبژێردرا.**

**بە رای جەنابتان هۆکارەکانی بایەخدان بەم رێکخراوە چیە و چ بایەخێکیان هەیە؟**

و: من پێم وابێ لە پێش هەموو شتێك دا ئەو دەسکەوتەی کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستی هێناوە، دەبێ لە راستای زەحمەت و تێکۆشانی چەندین ساڵەیان دا ببینین کە توانیویانە بە فەعالیەتی زۆری رێکخراوەیی لە چوارچێوەی قانوونی بە تایبەت لە ئوروپا دا هەڵسووڕانێکی بەرچاویان هەبووە و توانیویانە هێزو زانست و ئیپتکاری خۆیان نیشان بدەن و ئەو نیشاندانە بۆتە هۆی ئەوەی کە لاوانی سۆسیالیست کە رێکخراوەیەکی گەورەی ئورووپایین، ئەوان لە کۆبوونەوەی خۆیان دا یان لە کۆنگرەی خۆیان دا وەك ئەندامی چاوەدێر وەربگرن.

ئەوە بەشێکیەتی، بەشێکی دیکەشی دەبێ لەو چوارچێوەدا چاو لێ بکەین کە وا دیارە لاوانی سۆسیالیست سەرنجیان بۆ لای بەشخوراوی و بێبەشی و ئەو زەبرو زەنگە راکێشراوە کە لاوانی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە ژێر زەخت و زەبروزەنگی جمهوری ئیسلامی ئێراندا دەگەڵی رووبەڕوون و بەو شێوەیە ویستوویانە یارمەتی بە بەشێك لە لاوان بدەن کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی دیکتاتۆری دا دەچەوسێنەوە ئازادیەکانیان و مافەکانیان پێشێل دەکرێن. ئەوە بۆ خۆی جێ پێیەکی گەورەیە کە پێیان داون.

بۆیە من لە لایەکەوە ئەو ئیقدامەی لاوانی سۆسیالیست بە ئیقدامێکی زۆر بەرز دەنرخێنم و پێموایە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لاوانی سۆسیالیست لە دەردو رەنجی لاوەکانی دیکەی بەشخوراوی وڵاتەکانی دیکتاتۆری ئاگادارن، بەو بۆنەوە ئەمن بەش بە حاڵی خۆم سوپاسیان دەکەم و جارێکی دیکە بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەوە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چنکیان هێناوە و لە رێکخراوێکی جیهانی ئاوا گەورەدا توانیویانە جێگای خۆیان بکەنەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوادارم لە داهاتوودا بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی خۆیان وەکوو رابردوو دەسکەوتی گەورە تریشیان بە دەست بێ.

**پ: بەرێز کاك مستەفا بوونی یەکیەتیی لاوان لە ریکخراوی Iusy دا دەتوانێ چ دەسکەوتێکی بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی و لاوانی کورد بە تایبەتی هەبێ؟**

و: هەموو دەزانین کە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست یەکێك لە رێکخراوە هەرە گەورەکانی دنیایە کە دوای سازمانی مللی متحد زۆرترین رێکخراوەکانی دنیا تێیدا بەشدارن، حدوودی ١٦١ حیزبی سیاسی لە سەرانسەری دنیادا ئەندامی ئەنترناسیۆنالی

International Union of Socialist Youth
Unión Internacional de Juventudes Socialistas
Union Internationale des Jeunesses Socialistes

سۆسیالیستن کە لە نێو ئەوانە دا ٥٦ حیزبیان حکومەتیان بە چنگە و ١٠ ئۆرگانیزاسیۆنی پێوەندیدار بەو رێکخراوە گەورەی جیهانیە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا دا خەریکی کارو فەعالیەتن.

بێگومان رێکخراوی لاوانی سۆسیالیستیش بەشێکە لە ئەو ئۆرگانیزاسیۆن و دامەزراوە دێموکراتیکانەی کە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست هەیەتی، من پێموایە کە ئێستا یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەوەی کە بۆتە ئەندام لەو رێکخراوە دا دەتوانێ دەنگی خۆی لە ریگای ئەو ئۆرگانیزاسیۆنەوە، لە رێگای لاوانی سۆسیالیست و هەروەها لە لایەن باقی دام و دەزگا دێموکراتیکەکانی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست باشتر بەرێتە پێش و ببێتە دەنگێکی ئاشکراو هاوارێکی بەرزی لاوانی بەشخوراوی کوردستانی ئێران و ئەو دەنگی ماف خوراویە بە گوێی سەدان هەزار لاوی دیکەی دونیا بگەیەنێ کە بەشێکی هەرە زۆریان لە رێکخراوی لاوانی سۆسیالیست دا بەشدارن و دەتوانن لە کۆرو کۆبوونەوەکاندا قسەکانی خۆیان، نەزەرات و بۆچوونی خۆیان رابگەیەنن و باشتر لاوانی کورد و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەو رێکخراوە جیهانیە بناسێنن.

**پ: بەرێز کاك مستەفا جەنابتان چ تەوسیەیەکتان بۆ لاوان هەیە؟**

و: من پێموابێ ئەو وەرگیرانەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران فورسەتێکی زۆر گەورەی هێناوەتە پێش بۆ لاوەکان. ئەوە لە لایەکەوە نیشان دەدا بە لاوەکان کە کارو تێکۆشان و کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر هێزیان پێ دەبەخشێ و دەتوانی ئەوان لە کۆڕو کۆمەڵەکانی نێودەوڵەتی مەترەح بکا، بۆیە من لە پێش هەموو شتێك دا تەوسیەم ئەوەیە کە لاوانی کوردی کورددستانی ئێران لە هەر جێگایەك هەن زیاتر لە دەوری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆببنەوە بۆ ئەوەی زیاتر لەوەی کە ئێستاش هەیە هێزو توانای خۆیان نیشان بدەن و تواناکانیان کۆبکەنەوە سەر یەکتری بۆ ئەوەی کە بتوانن دەسکەوتی زیاتر لە لایەکەوە بۆ کورد لە کوردستانی ئێران و لە لایەکیشەوە دەسکەوت بۆ لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران دا بە چنگ بهێنن.

لە لایەکی دیکەشەوە تەوسیەم ئەوەیە کە ئێستا کە یەکیەتیی لاوانمان بە خۆشیەوە لەو رێکخراوە جیهانیە دا وەرگیراوە، سەعی بکەن لە ئۆرگانیزاسیۆنەکانی یەکیەتیی لاوانی سۆسیالیست دا فەعال بن و بتوانن بچنە پێش و نەقشی بەرچاوی خۆیان لەو رێکخراوانە دا بگێرن. بۆ ئەوەی کە زەمینەی ئەوە کە لە داهاتوو دا پلەی تەشیکلاتی خۆیان یان بڵێین پلەی ئەندامەتی خۆیان بەرنە سەرێ و لە رادەی ئەندامی چاوەدێر بچن ببن بە ئەندامی ئەسڵی ئەو رێکخراوەیە، دەتوانن بەو شێوەیە زیاتری بکەن، من لەو بارەدا پێموایە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران تواناو پوتانسیەلی ئەوەیان تێدا هەیە و ئەو لێهاتوویەیان تێدا دەبینم کە بتوانن بە کارو فەعالیەتی زیندووتر بتوانن زۆر زووتر پلەی بەرزتر لەو رێکخراوەیەدا لە باری ئەندامەتیەوە بە چنگ بێنن.

**کاك مستەفا گیان زۆر سوپاست دەکەین کە کاتی بە نرخی خۆتان لە ئیختیار ئێمە داناو هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.**

منیش هیوای سەرکەوتنتان لە کارەکانتاندا بۆ دەخوازم، سوپاس.

# به بۆنەی وەرگیرانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی جیهانی IUSY



**ڕەحمان سەلیمی**

گرینگی و بایەخدان بە پەرەپێدانی پێوەندییەکان چ لە ئاست تاك و چ لە ئاست کۆمەڵ و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان دا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو لە زەقبوونەوەی کێشە تاکەکەسی و گرووپی و نەتەوەیییەکان دا دەگێڕێ و هەرچی ئەو پێوندییانە لە ئاستێکی بەرزترو بە میکانیزمێکی سەردەمیانە تر بگیرێ، هەنگاوەکان خێراتر و پتەو تر بەرەو ویست و ئامانجەکان دەڕۆنە پێش.

بەرفراوانکردنی گۆڕەپانی دیپلۆماسی و وەدەستهێنانی تریبۆنە گەورە جیهانییەکان بە تایبەت ئەو کاتە دەرئەنجامی بە نرخی لێ دەکەوێتەوە کە کۆمەڵێك کێشەی هاوبەش بەرۆکی کۆمەڵێك کەس یا ڕێکخراوی گرتبێتەوەو بۆ خەبات بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکان لە کۆمەڵێك کەرەسەو تێز و تێڕامانی هاوبەش و یەکگرتوو کەڵك وەربگیردرێ. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیەی کە پرۆسەی بەجیهانیبوون و هاوچارەنووسی مرۆڤەکان لە بەشێکی زۆر لە بوارەکانی ژیانیان دا سیمای جیهانی لە کۆمەڵێك کیانی جیاواز بەرەو یەکەیەکی بچووك کە هەمووان لە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی ڕێك و پێك بە یەکەوە دان دەکێشێ، هێندەی دیکە ئەهەمییەتی کاروباری دیپلۆماتیك دەردەخا.

بەو پێشەکییە کورتەوە دەمهەوێ باسێکی کورت لە سەر وەرگیرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی چاوەدێر لە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست بخەمە بەر باس.

ڕابردووی چالاکی و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان و کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئەو ڕێکخراوەدا و ئەزموون وەرگرتنی لە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ وێنە شەهیدانی سەرکردە پێشەوا قازی محمد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، پرستیژو پێگەی ئەو ڕێکخراوەیەی بە ئاستێك گەیاندووە کە لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکانی دا ددانی پێدا بنێن و بە بەزاندنی ئەو سنوورە لۆکاڵیانەی کە لە کۆمەڵگای سوننەتی و نەریت پەروەردا بە پیرۆز دادەنرێن، پێشانی داوە کە باوەڕی بە شوناسێکی جیهانی ئەو سەردەمە هەیە لە پەنا پاراستنی جیاوازییەکان و هەبوونی شوناسێکی خۆماڵی کە پێناسە لاوی کورد بکا لە ئاست لاوی غەیرە کورد.

ئەگەر دنیای دوێنێ دنیای دیوارکێشان و خۆپاراستن و داخستنی دەرگاکان بوو لە مەترسیی دەرەکی، دنیای ئەمڕۆ دنیای کرانەوەو فرەشوناسی و شانۆگەرییەکی هونەرمەندانەیە لە نێوان تەواوی ئەو هەل و مەترسییانەی ڕۆژانە لە گەڵیان دا بەرەوڕووین. ئەمڕۆکە ڕەمزی مان و نەدۆڕاندن دیتنەوەی خاڵە هاوبەرژەوەندییەکانە لە گەڵ کەسانی دی، دروستکردنی گوتاری هاوبەشە لە گەڵ نەتەوەکانی دی، گۆڕان لە ئامێرێکی ئایدۆلۆژییە بۆ ڕۆحێکی لۆژیکی و کراوە و دێموکرات.

ئەگەر چاوێك بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان وەك بزووتنەوەی ژنان، گرووپە ئەتنیکییەکان و بزاڤە نەتەوایەتییەکان لە مێژوو دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئامرازی ڕاگەیاندن بۆ بەجیهانی کردنی کێشەکان ڕۆڵێکی ئەساسی بینیوە. ئەوە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەرکات پانتایی جوغرافی و سیاسی داواکارییەکان توانیبێتی بەشێکی بەرچاو لە ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، واتە ستەم و چەوسانەوەو کارەساتە دڵتەزێن و مەرگبارەکان خەڵکانێکی زیاتری هەژاندبێ و ڕۆحێکی هاوخەمی مرۆڤانە بەشێکی بەرچاو لە جەماوەری داگرتبێ، ئەوا ئەوکاتە هەوڵەکان بۆ پاککردنەوەی ئەو بێعەداڵەتیانە جیددیترو هەمەلایەنەترو هەنگاوەکان پتەوتر دەبن.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە سەر بنەمایەکی دێموکراتیك و بە مەبەستی خەباتێکی سیاسی - مەدەنی بۆ دەستەبەر کردنی مافە سروشتی و ڕەواکانی لاوانی کورد پێکهاتووە و هەروەها هەمیشە پاڵپشتی سەرەکی و بێ ئەملاو ئەولای بزاڤی

International Union of Socialist Youth
Unión Internacional de Juventudes Socialistas
Union Internationale des Jeunesses Socialistes

نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و چالاکی و تێکۆشانی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و بە خۆ ئۆرگارنیزە کردن و بە رۆژ کردنی سیستمی تەشکیلاتی بۆتە هۆی ئەوەی ئەمرۆ لاوی کورد لە گەورەترین رێکخراوی جیهانی لاوان دا کێشەکانی خۆی و نەتەوەکەی بە گوێی خەڵکی جیهان رادەگەیەنێ و پێداگری لە سەر پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان دەکا کە تێیان دا رێز لە مافی مرۆڤ دەگیرێ و پرنسیپە جیهانی‌یە پەسندکراوەکان بە هێند وەردەگیرێ. بەشداری چالاك و پڕ دەسکەوتی یەکیەتیی لاوان لە کۆنگرەیInternatıonal Unıon  of Socıalıst Youth

iusy لە دانمارك لاپەڕەیەکی مێژوویی و پڕ شانازی ئەو رێکخراوەیەیە کە بێ‌گومان هێز و گڕو تینێکی تایبەت دەبەخشێ بە یەکیەتیی لاوان و هاوکات لە گەڵ چوونەسەری چاوەڕوانی‌یەکان ترۆپکی هیوا لە دڵی لاوانی کورد دا دەچێنێت. بڕیارنامەی کۆنگرەی iusy لە پشتیوانی لە خەباتی دێموکراتیکی کوردان کە تێیدا دان بە مافی چارەنووسی کورددا هێنراوە و داوای پێکهێنانی کەشوهەوایەکی دێموکراتیك و ئاشتییانەو باوەڕ بە دیالۆگ لە نێوان لایەنە پێوەندیدارەکان بە مەسەلەی کورد کراوە، یەکێك لە دەسکەوتە بە نرخەکانی نەتەوەی کورد بە گشتی و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی‌یە.

دوو رێکخراوی لاوانی کورد کە وەك چاوەدێر لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی ıusy لە کۆمیتەی مەدیترانەی ئەم رێکراوەدا بەشدارو ئەندامن و بریتین لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان خاوەن ئەو پتانسیەلە هەن کە کاریگەری جیددییان لە سەر ئەو رێکخراوە جیهانی‌یە و بڕیاراتی لە بەرژەوەندی کورد دا هەبێ و هەر بۆیە هاوکاری و هاوفکری یەکیەتیی لاوان و کۆمەڵەی خوێندکاران ئەمرۆ وەك ئەرکێکی نەتەوەیی چاوی لێدەکرێ کە هیواداریین هەردوو لایەن دەرکی ئەو قۆناغە گرینگە بکەن و بە کارکردن لە سەر پلانێکی هاوبەش زیاترین کەڵك لەو هەلە زێڕینە بۆ وەدیهێنانی داوا رەواکانی نەتەوەکەمان بە گشتی و لاوانی کوردستان بە تایبەتی وەرگرن.

پیرۆزبێ بە ئەندامبوونی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست دا !

پیرۆزبێ بە ئەندامبوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە رێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست دا !

■



## یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە

**رامبود لوتفپووری**

یەکێك لە سەرەکیترین هەوڵەکانی بزاڤی کورد، دەرچوون لە بازنەی بەرتەسکی نێوخۆیی وڵاتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان و هەروەها بازنەی ناوچەیی و چوونە ئاستی نێونەتەوەیی و بوون بە کێشەی جیهانی بووەو هەیە. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەردەوام ویستوویانە بە نێوخۆیی لە قەڵەم دانی کێشەی کورد، هەم کێشەکە تا ئاستی کێشەیەکی گچکەی ئیداری و سەربزێوی کۆمەڵێك ئاژاوەگێر دابەزێنین و هەم دەستیان بۆ سەرکوتی کورد ئاوەڵا بێت و رێگای دەستێوەردانی بیانی بۆ داکۆکی لە کورد بگرن. ئەگەرچی رێبەران و رووناکبیرانی کوردیش هەوڵێکی چڕیان بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانە دەسپێکردبوو، بەڵام لە بەر ئاشنا نەبوونیان بە میکانیزم و رێساکانی دیپلۆماسی و هەندێك هاوکێشەی نێونەتەوەیی نەیانتوانی پیلانەکانی دوژمن پووچەڵ بکەنەوەو دەرکەکانی بە نێونەتەوەیی بوونی کێشەکەیان بە رووی خۆیاندا بکەنەوە. تا ئەوەیکە لە سێبەری چالاکییەکانی کەسانێکی وەك رێبەرو دیپلۆماتی گەورەی کورد شەهید دوکتور قاسملوو دا کە یەکێك لە شارەزاترین و بە ئەزموونترین سەرکردەکانی کورد بە تایبەت لە بواری دیپلۆماسیدا بوو، کورد توانی ئەو میکانیزمانە بدۆزێتەوەو کاریان پێ بکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ئامادە نەبوونی هەلومەرجی جیهانی و بە تایبەت هاوکێشەکانی جیهانی دووجەمسەری و شەڕی سارد رەوتی پێشکەوتنەکان خێراییەکی کەمی پێوە دیار بوو. بەڵام لە سەردەمی نوێدا کە هەلومەرجی جیهانی ئاڵوگۆڕێکی قووڵی بە سەردا هات و

هاوکێشەکان لە بەرژەوەندی کورد دا گۆڕانێکی بەرچاویان بە خۆوە دیت. کێشەی کوردیش خێرا ڕێگای بە نێونەتەوەیی بوونی بڕی و ڕێگا بۆ هەڵسووڕانی سیاسەتوانان و پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان لە گۆڕەپانی جیهانی دا خۆش بوو. یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گرینگەکانی کورد لەم قۆناغە دا چوونە نێو ڕێکخراوێکی گەورەی نێونەتەوەیی وەك کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست بوو، کە بە وەرگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی چاوەدێر دەستی پێکرد و بەرەبەرە ڕێگای وەرگیرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەش لەم ڕێکخراوە جیهانییە دا خۆش بوو.

ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دووهەمین ڕێکخراوی گەورەی جیهانی پاش ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە زۆرترین ئەندامی هەیە و بەشێك لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندام لەم ڕێکخراوە، دەسەڵاتی وڵاتگەلێکی گەورەی جیهانی وەك بەریتانیا و بە تایبەت وڵاتە ئەورووپاییەکانیان بە دەستەوەیە. ئەم ڕێکخراوە کە سەرەتا لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە دامەزرابوو، بەرەبەرەو بە تایبەت پاش جیابوونەوەی کۆمۆنیستەکان یا بڵێین سۆسیالیستە رادیکاڵەکان ڕێگایەکی نێونجی‌تری گرتە بەرو زیاتر رووی لە شێوازە پارلەمانییەکانی پێکهێنانی گۆڕان کرد. ئێستا ئەم ڕێکخراوەیە جگە لە پارتەکانی وڵاتانی گەورە و سەربەخۆی ئەورووپاو جیهان، کۆمەڵێك پارت و ڕێکخراوەی دیکەشی لە خۆگرتووە کە لە دۆخی تاراوگەنشینی و خەباتی رزگاریخوازانە دان. لە چەند ساڵی رابردوو دا هەندێك لە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان توانیان وەك ئەندامی چاوەدێر وەربگیرێن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك یەکەم پارت و چەند ساڵ دواتریش یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بوون بە ئەندامی چاوەدێری ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست، بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە لەم دواییانە دا دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کە دوو ڕێکخراوی ناسیاسین وەك ئەندامی چاوەدێر وەرگیران. مەبەست لە ناسیاسی بوون ئەوەیە کە سروشتی کاری ئەم ڕێکخراوانە زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی و پیشەیی دەگرێتەوە تا لایەنی سیاسی. بەڵام لە کەس شاراوە نیە سروشتی ژیانی کورد وەك نەتەوەیەکی بەشخوراو و چەوساوەو گرێدراویی هەموو لایەنەکانی ژیانی بە خەباتی چارەنووسسازی نەتەوایەتی‌یەوە وا لە کێشەکە دەکات کە ڕێکخراوە ناسیاسییە کوردییەکانیش هەرکام بە شێوەیەك بێنە گۆڕەپانی خەباتی هەمەلایەنەی رزگاریخوازییەوەو شان بە شانی پارتە سیاسییەکان بەشداری خەباتی نەتەوەکەیان بن. بۆیە وەرگیرانی ئەم دوو ڕێکخراوە نەك هەر لە باری کۆمەڵایەتی و پیشەیی‌یەوە بۆ لاوان و خوێندکارانی کوردستان دەسکەوتێکی بە نرخە، بەڵکوو لە باری سیاسیشەوە دەسکەوتێکی مەزنە بۆ هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا (١٩٤٦) تا ئێستا کە شەست ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازیی تێدەپەڕێ، هاوکات لە گەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانی، بەو پەڕی هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە شان بە شانی حیزبی دامەزرێنەری واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەتەریزی خەباتی سیاسی و کوردایەتیدا ئامادە بووە و گەلێك حەماسەی خولقاندووە و دەیان شەهیدیشی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەرفرازی کورد کردووە. یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سێبەری هەوڵ و چالاکییەکانیدا توانیویەتی جێگاو پێگەیەکی قایم لە نێو دڵی لاوانی بە هەست و شۆڕشگێڕی کوردستاندا پەیدا بکات و بە پێگەیاندن، ڕێکخستن و ڕێنوێنی کردنی ئەو لاوە بە هەستانە ببێتە مەشخەڵێکی رووناکی بەخش بۆ ئەوان و بە هێزکەرەوەی بەرەی خەبات و بزاوتی نەتەوایەتی کورد. مێژووی چالاکییەکانی یەکیەتیی لاوان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە ئەم ڕێکخراوە بەردەوام و سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی سەر ڕێ و کەمایەسییە مادییەکانی توانیویەتی بەشێکی بەرچاو لە ئەرکەکانی خەباتی نەتەوەکەی بە ئەستۆوە بگرێت، ئەمجارەش بە چوونە نێو ڕیزی ئەندامانی کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵەوە دەرکەیەکی دیکەی بە رووی جووڵانەوەی کورد و بزاڤەکەیدا کردەوە، دەرکەیەکی جیهانی و تریبوونێکی نێونەتەوەیی کە بتوانێ دەنگی کورد بە هەموو دنیا بگەیەنێت.

وەرگیرانی هەر دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی‌خوێندکارانی کوردستان لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالیست سوسیالیستدا دەبێتە هۆی چوونە سەرەوەی قورسایی هێزی کورد لەو ڕێکخراوەو بەرینتر بوونەوەی ئامادەیی کێشەی کورد لە ئاستی جیهانی و گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا. بۆیە ئەمە بە دەسکەوتێکی مەزن بۆ تێکرای نەتەوەی کورد و بزاڤەکەی و بە تایبەت لاوان و خوێندکارانی کورد دەژمێردرێ و داهاتوویەکی گەشتری لێ ڕەچاو دەکرێ.

■

International Union of Socialist Youth
Unión Internacional de Juventudes Socialistas
Union Internationale des Jeunesses Socialistes